پەیامی قیبلە

ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

زنجیرەی
٣٥

# پەیامی سەفەر



د.عومەر عەلی
٢٠١٩

زنجیرە (٣٥)

# پەیامی سەفەر

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


ناوی کتێب: پەیامی سەفەر

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## سەفەری ئێران

قەومانی ئێرانمان پەیوەندیەکی زۆر پتەومان هەیەو هەتا کاتی خۆشی کە جەوازو شت نەبوو هەر وە قاچاخ ئەچووین بۆلایان و پەیوەندیەکانمان هەردەم پاراستووە، چوون پاراستنی سیلەی رەحم لە دینەکەشمانا زۆر وە موهیم باسکراوە، بە داخەوە ئێستە کاڵ و کرچی تێکەوتووە! جا سەرتان نەیەشێنم، لەگەڵ باوکم و کا حەمە نەسیمی پورزاما رۆشتین بۆ لای قەومان، هەم قەومەکان و هەمیش یەمە گەلێك خۆشحاڵ بووین، هەر شوێنێ خۆشوایە ئەیانگەڕاندین، مامۆستا ئاکۆ هۆرێنی کە بەڕێوەبەری گشتیە لە رۆشنبیری گەرمیان تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: منیش دێم بۆ ئێران و با جەولەیەك بکەین پێکەوە، جگە لەوەی خزممە ئیتر هاوڕێیەتیەکی ئێجگار قوڵمان پێکەوە هەیەو هەر بە ناو دوو کەسین، لەناو یەکدا تواوینەتەوە، وتم کاکە وەرە یاخوا بەخێر بێیت و بۆ کوێ پێت خۆشە ئەچین، سەرتان وەژان نەیەرم جەولەمان تەواوکردو بۆ ئاخر جار لە مەشهەدەوە بە تەیارە

گەڕاینەوە بۆ کرماشان، لە کرماشان ئیتر عادەتەن لە مەتارو گەراجدا هەروا سایەق تەکسیەو ئەئاڵی بە بەشەرا، منیش وەك ئەزمونی خۆم کە زۆر گەڕاوم، عادەتەن تۆزێك دورەکەومەوە لە قەرەباڵغی ئەوسا بە هێمی تەکسیەك دەگرم، بۆ ئەوەی نەشم خەڵەتێنن، کابرایە نوسا بە مامۆستا ئاکۆوەو هەروازی لێ نەدەهێنا، ئەویش رووگیر بوو بانگی کردم وتی: وەرە با لەگەڵ ئەم پیاوەدا بچین، منیش وتم وازی لێ بهێنە، وەرە لەگەڵ کەسێکی تردا دەچین، چەند جارێك دووبارە بوویەوە، ئیتر ناچار من گەڕامەوە بۆ لای مامۆستا ئاکۆ، سەیرم کرد کابرا پیاوێکی بە تەمەنەو دەپاڕێتەوە کە لەگەڵ ئەودا بچین، تەکسیەکی زۆر شڕکنی پێ بوو، منیش زۆر دڵم بۆی سوتاو ئەحساسی تاوانم لا دروست بوو، کە بە مامۆستا ئاکۆم وت: با لەگەڵ ئەودا نەچین و ئەویش گوێی لێ بوو، وتم: باشە خاڵۆ گیان با بڕۆین، کەوتینە رێ، کابرا هیچ قسەی نەئەکرد، لە دڵی خۆمدا وتم: بەخوا لەمن عاجز بووە دیارە، ئەی خوایە گیان چۆن دڵی بێرمەوە جێی خۆی، کەی رەوای حەقە من ئەم پیاوە ریش چەرموە عاجز کەم لە خۆم، کێ یەژێ یەك دونیا گرفتاری نی یە لە ماڵەوە، کەس قسەی نەدەکرد بۆ ماوەیەك، کوردەواری دەڵێ قوڕو قپ، نەمدەزانی چۆن قەرەبووی بکەمەوە، هەروا هاتە دەمما بە پێکەنینەوە وتم: خاڵۆ گیان یەژی چی گۆرانیەکت بۆ بێژم؟ ئەویش یەکسەر کرایەوە، وەك بڵێی چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد، ئێمە کوردەواری دەڵێ دوو پیاوی زل و مل قەوی، ئیتر لە سەفەریشدا پیاو تۆزێك زیاتر دەست دێنێت بە خۆیا، وتی واللە بیژە! منیش دەستم پێکرد بە دەنگە ناسازەکەی خۆم نازانم هەرچی هات وە دەمما تۆزێك گۆرانیم وت و جەو کرایەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: الحمدلله وەزعەکە بەرەو باشی ئەچێ، دوای

کەمێ وتم: لەوانەیە کابرا شیعە بێت با ئیحساسی راگرم، وتم: خاڵۆ ئەمجارە یەژی چی نەوحەیەکت بۆ بێژم؟ پێکەنی و وتی: واللە بیژە کاکە گیان، تۆزێك نەوحەم بۆ وت و لەگەڵ نەوحە وتنەکەدا ئەمدا وە شان و ملی خۆما مەگەر شیعەکان لە کەربەلاو نەجەف وەو شێوە دابێتیان لە خۆیان، خوا ڕەحمی کرد زنجیرم پێ نەو ئەگینا خۆم ئەکوشت، کابرا وا جەوی کرایەوە بە شێوەیەك دڵم ئیسراحەتی کرد، کە هیچ لە دڵیا نەماوە بەرانبەرم. ئاخر براو خوشکەکانم بەخوا ئیحساسی بەشەر زۆر موهیمە حساوی بۆ بکەین، رەوای حەق نیە وا بەرەوینە گیانی یەکتری و یەکتری دەهاڕین! ئیتر دەمەتەقەی زۆر خۆش دروست بوو، ٣ قۆڵی هەریەك لە لایەکەوە قسەیەکی خۆشی ئەکرد، وتم خاڵۆ ئەمجارە یەژی چی کەمێك قورئانت بۆ بخوێنم، کورە بەخوا قورئان لە هەمووی خاسترێکە، وتی ئەرە بەخوا راس ویژی، لایوە ئەم گۆرانی و نەوحەو شتانە، قورئان بوێت پیاو گوناحە خۆی وەوانەوە مەشغوڵ بکات، منیش ملم پیاکرد لەو ئایەتە عەزیمەوە کە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ، الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ) الانفطار ٦-٧

واتە: ئەی ئینسان!! تۆ چی وای لێکردویت کە سەرکەش بیت بەرامبەر پەروەردگاری میهرەبان و بەڕێزت؟ چی وای لێکردویت کە وەکو پێویست قەدری نەزانیت؟ (نافەرمان و یاخی بیت؟).

(بەمەرجێك) ئەو پەروەردگارە تۆی دروست کردووە، بە ڕێکوپێکترین شێوە، بەجوانترین شێواز (ئەندامەکان هەموو لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا دانراون کە بتوانن کارو فرمانی خۆیان بەچاکی ئەنجام بدەن و ئەو ئەندامانەش کە جووتن قەبارە و درێژی و شێوەیان چوونیەکە، جگە لەوەی کە یارمەتی و تەباییەکی تەواو هەیە

لەنێوانیانـدا و هەمـووان هـاوکارن).
ئنجـا تـۆ تەفرنجـە بـدە ئـەو دوو ئایەتـە چەنێـك موهیمـە، خـوای گـەورە چـۆن لـە ناخـەوە ئەمـان جوڵێنێـت و گەورەیـی خـۆی دەخاتـە پێـش چاومـان و بچوکـی و چۆنیەتـی دروسـتبوونی ئێمـە، کـورە هـەی بەشـەر تـۆ چـی وات لـێ ئـەکا کـە گومـڕا ببێـت بەرانبـەری خوایەکـی کەریـم، چ خوایـەك ئـەوەی کـە تـۆی دروسـت کـردووەو ئێسـتە جـوان و قنـج و قیت، چەنـد خۆشـە دایمـە ئینسـان مەوقعیەتـی خـۆی بزانێـت و لـە سـنوری خـۆی دەرنەچێـت، هاشـەو هوشـەو حیزبایەتـی و شـەهادەو مەهـادەو پلـەو پایـەی دونیـای و هیـچ نەیخەڵەتێنێـت، شـەڕێك نـەکات کـە سـەد لـە سـەد دۆڕاوە تێیـدا، ئاخـر مـاڵ وێـران خـوا کـەی هـی ئەوەیـە تـۆ دژایەتـی بکەیـت!.
دواتـر وتـم خاڵـۆ گیـان تـۆ قبـوڵ ئەکـەی لەگـەڵ ئێمـەدا نـان بخۆیـت و دەعوەتـی یەمـە ویـت، وتـی کـورە مـن تـا ئێسـتە کەسـی وەکـو ئێـوەم نەدیـوە، وتـم: دەی بمانـوە بـۆ مەتعەمێکـی زۆر خـۆش و بـا بـۆ ئاخـر جـار قورمـە سـەبزی بخۆیـن، نانمان خـواردو دواتر کـە گەشـتینەوە پەروێزخان، کابـرا لێمـان ئاڵابـوو دڵـی نەدەهـات بەجێمـان بهێڵێـت، دەپاڕایـەوە دەیگـوت بـا بگەڕێینـەوە ئەمشـەو لەماڵـی ئێمـە بیـن، لـە ژیانمـدا کەسـی وەکـو ئێـوەم نەدیـوە، جـا ئینسـان تۆزێـك بیربکاتـەوە دونیـاش هـەروا سـەفەرێکەو تـێ ئەپەڕێـت وەك ئـەو سـەفەرە، خۆشـبەحاڵی ئـەوەی کـەس زویرنـاکات لـە خـۆی و قیامەتیـش دەباتـەوە.

# گوێزی هەورامان و مۆری ئینگلیزی

ئەوسا وەکو ئێسا نەو وە دەسی خاڵی بچیت بۆ ماڵان و لەوێش دەست بکەیت وە زەم و زەمکاری و رەخنە گرتن لە پەردەو قاپ و قاچاخ و مۆدیلی کاشی، یان هەر دانیشتی داوای وای فای بکەیت و نەهێڵیت کەس قسە بکات لەبەر درامای تورکی، وەکو ئێسایش ئەوەنە باسی حیزبایەتی و شت نەئەکریا، ئەوەنە دەم هەڵیت و پڵیت نەبووین هەر کە گازەرەمان کێشا پیاوی خاس دەرنەکەین لە کۆمەڵگەکەماندا! قسە لەسەر مەلاو شێخ و سەلەفی و سۆفی و کەس دەرنەکەین! کورە مەجلیس مەجلیس بوو هەمووی قسەی ئەکردو بەشدار بوو،جا بێمە سەر ئەسڵی مەتڵەب، لە لەندەن ئەژیام و هاتوچۆی چەند وڵاتێکی ئەوروپیم ئەکرد کە ماڵە خزمانی لێبوو، هەمووجار ئیتر ئەوەی بهاتایە وە دەسما ئەمبرد لەگەڵ خۆما لە جل و بەرگی باش و تا ئەگاتە یاری بۆ مناڵ و ئیتر تا تەتکەو مەتکەش.
جارێکیان لەوەدابووم سەفەر بکەم، ئەو پیاوەی کە ئەچووم بۆ ماڵیان وتی: ئەبێ سوێنم بۆ بخۆیت هیچ نەیەریت لەتەکی خۆتا، خوا بەرداری نی یە ئەوەنە خۆت عەزیەت ئەدەی هەموو جارێ، منیش وتم باشە هیچ ناهێنم، بەڵام هەر لە بەری گیانم زۆر گران بوو وە دەستی خاڵی بڕۆم. وەکو وتم وەکو ئێسا نەو ئەوسا، لە لەندەندا پیاسەم ئەکرد بینیم گوێزێکی جوان لە بەردەمی دوکانێکدا هەڵدراوەتەوە هەر وەکو دوکانی چەرەزاتەکانی خۆمان لە هەولێر و سلێمانی، منیش یەك نیوە گونیەم کڕی، خۆم قیلم دۆزیەوە بۆ وەعدەکەی خۆم و وتم سوێن لەسەری خواردن ناکەوێ من جل و بەرگم وتگە.
رۆشتم بۆ سەفەرەکەو هاتنە شوێنما بۆ مەتار، وەکو ئێسا نەو بێژن

خـۆت وە قتـارو پـاس بـێ بـۆ مـاڵ، جگـە لـە خۆیـان عەشرەتێکیشـیان هێنابـووە مەتارەکـە، هەربـاش بـوو وڵاتەکـە نەکەوتبـووە ئینـزارەوە، چـوون زۆریـان جلـی کوردیشـیان لەبەرابـوو.
گەشـتینە مـاڵ گوێـزم دەرهێنـاو دام پێیـان، وتـی مەگـەر مـن نەمـوت نـاوێ هیـچ بێـری! ئـەی خـوا گیـان چ بێـژم، هـەروا خـوا کـردی و هـات وە دەممـا وتـم ئاخـر بـرا خـۆ مـن هیچـم نەهـاوردووە، وتـی ئـەی ئـەو هەمـوو گوێـزە چـی یـە؟ بەخـوا دیـارە کۆڵـێ پارەشـت پێـداوە! وتـم نـا نـا کـورە ئـەوە هاوڕێکانـم لـە هەورامـان بۆیـان هێنـاوم گوێـزی هەورامانـە! ئەویـش یەکسـەر گەشـایەوە چـوون زۆر لـە پێـش منیـش لـە ئەوروپـا بـوو بـوون، وتـی کـورە هـەر لەبیـرم نایـە کـەی گوێـزی هەورامانـم خـواردووە! یاخـوا ئـەو دەسانەت خـۆش بێـت بەخـوا تـۆ مـەردی، مـادام ئـا لەمەشـدا یەمـەت لەبیـر نەچـووە! ئیتـر فـرە نەچمـە قـولا بـۆی شـەوان کـۆ ئەبوینـەوەو دەمەتەقـەو گوێـز خـواردن دەسـتی پـێ ئەکـرد، لەگـەڵ شـکاندنی هـەر گوێزێـکا رەحمەتێکیـان بـۆ ئەنـاردم کـەوا خەمـی ئەوانـم خـواردووەو گوێـز لـە هەورامانـەوە وە سـەوقاتی بـۆ مـن هاتـووە بـۆ لەنـدەن و منیـش هەموویـم هێنـاوە بـۆ ئـەوان، منیـش دڵـم کوتـەی تێـت لـەوەی کەوتمـە نـاو چ مەوزوعێکـەوە، ئـەی خوایـە گیـان خەیـرێ قـەرار وێ کەشـف نـەوم چـوون هەمـوو گوێزێـك مۆرێکـی ئینگلیـزی پێـوە بـوو، ئەوانـەی لـە ئەوروپـا دەژیـن ئەمـە بـاش ئەزانـن، ئیتـر خـۆ نازانـم ئـەم مـۆرە چـی ئـەکات بـەم گوێزانـەوەو ئەسـڵەن بـۆ لێـی ئـەدەن، ئەگـەر نەگبەتـی مـن نـەوێ!
ئـەو شـەوەی بێـژی بەیانـی ئەگەڕێمـەوە، مـاڵ جمـەی ئەهـات و هەمـووی هاتبـوون بـۆلام هـەم وەك ئاخـر دیـدارو خـوا حافیـزی و هەمیـش وەك دەمەتەقەیەکـی خـۆش، گوێـز هـات و ئیتـر هەریەکـە لـە لایەکـەوە

خەریکی گوێـز خـواردن بـوو، گوێزەکانیـش زۆر ئاسـان بـوو بـە دەسـت دەشـکاو، دوان دوان بتلکاندایـە پێکـەوە دەشـکاو ئیتـر تـەق و هـوڕ بـوو لـە هەمـوو لایەکەوە،چـوون چەکوشـی نەگەرکـو، هەرکەسـەوە بـۆ خـۆی ئەیشـکاند، نایشـارمەوە مـن هیـچ لەزەتـم لـە گوێزەکـە نەدەبـردو هـەر دەسـتم وە بانـی دڵمـەوە بـوو کـە باسـی گوێزیـان ئەکـرد، پیاوێکـی گـەورەی تیابـوو بینیـم چـاوی نزیـك کـردەوە لـە گوێزەکـەو مۆرەکـەی بینـی! وتـی ئـەرە کاکـە بـێ قسـە ئەمـە مـۆری ئینگلیـزی هاپێـوە! منیـش هـەر نازانـم چـۆن بـوو لـە خۆمـەوە وتـم ئاخـر خاڵـۆ گیـان ئـەوە کاتێـك لـە هەورامانـەوە گوێـزەکان دێـت بـۆ لەنـدەن، لـە مەتـاری هیسـرۆ دانـە دانـە فەحسـی ئەکـەن نـەوەك پوچـی تیـاوێ تـا بیگەڕێننـەوە بـۆ هەورامـان، مـن بۆیـە وام وت تـا وەزعێکـی پێکەنـاوی دروسـت ببێـت و لەسـەری نـەڕۆن! کەچـی ئـەوان باوەڕیـان کـرد، ملـی باداو بـە سەرسـوڕمانەوە وتـی بەخـوا بـرا بەریتانیـا وڵاتێکـی عەزیمـە، کـورە تـۆ سـەیر چـۆن حسـاو بـۆ خەڵکـی خۆیـان ئەکـەن، ئیتـر هەریەکـێ و لـە لایەکـەوە باسـی موهیمێکـی بەریتانیـای ئەکـرد! منیـش ئەوەنـدە پێکەنینـم دەهـات لـە ژێـرەوە گازم لـە لێـوم دەگـرت و ئێشـم پـێ دەگەیانـد بـۆ ئـەوەی پێنەکەنـم و کەشـف ببـم، جـا دەهاتـە پێـش چـاوم لـە مەتـاردا پۆلیسـێك گوێـز بـەلای گوێچکەیـدا رائەوەشـێنێت بزانێـت پوچـە یـان پـوچ نـی یـە، لـە کوێشـدا لـە مەتـاری هیسرۆشـدا کـە گەورەتریـن مەتـارە لـە بەریتانیـاو یەکێکـە لـە مەتـارە بەناوبانگەکانـی جیهـان، خـۆ مەگـەر هیـچ نەکـەن هـەر گوێـز بژمێـرن!

جـا ئـەم مەجلیسـی کوردەواریـە بەخـوا خۆشـە، ئەوەی ناخۆشـی کـردووە ئـەم هەڵیـت و پڵیـت و قسـەکردنە لەسـەری خەڵکـی، دەممـان ناپارێزیـن لە کـەس و کـەس وە سـاق دەرناکەیـن، جـا کـە هاتینـەوە بـۆ ماڵیـش ملەکەین وەو ماڵـەش کـە لـە ماڵیـان بوویـن، توخـوا ئـەوە دیـن و زەمیـرو ویـژدان

و ئەخلاقـە، ئـەو ماڵـە دامـاوە ژن وەلایەکـەوە خەریکـی خزمەتـە، منـاڵ و کـچ هەمـووی وەك خولخولۆکـە وە دەورمانـا ئەسـوڕێنەوە، تێروپڕمـان خـواردو ماڵەکەشمان ئەوەنـدە پیـس کـردووە حەملەیەکـی گەرکـە بـۆ پاك کردنـەوە، واللەی بـراو خوشـکەکانم خـوا بـەرداری نـی یـە ئـەوەی ئێمـە ئەیکـەن، یەمـە لـە خۆمانـا پێمـان یـەژن مسـوڵمان، ئا ئەمانـە پێچەوانـەی قورئانـە، ئـەو قورئانـەی خـوا ناردویەتـی بـۆ پێغەمـەری نازارمـان دەی بێـژن صلـی الله علـی وەسلم.
کـورە تـۆ سـەیری قورئـان بکـە سـەیری حەدیسـەکان بکـە، ئەوەنـە شـتی جـوان جوانـی تیایـەو ئێمـە گوێـی تێنادەیـن بەخـوا غـەدرەو لـە خۆمانـی ئەکەیـن!
بەخـوا ئیتـر حەقـە سـڵاواتێکی وە حەقـی لـێ بدەیـن و رووبکەینـەوە قاپـی خـوا وە راسـی.
حەقـە تەسـفیە حسـاباتی خۆمـان بکەیـت لەگـەڵ خۆمـان و خـوای خۆمانـا، حەقـی کەسـێکمان خـواردووە یـان زەممـان کـردووە گـەردەن ئـازادی لـێ بکەیـن و لاپەڕەیەکـی تـازە هەڵدەینـەوە.
هەرکەسێك هـەوڵ بـدات لـە پێنـاو خـوا گیانـا، خـوا گیانیـش هیدایەتـی ئـەدا، وە خـوا گیـان لەگـەڵ کەسـی چاکەکاردایـە، ئـەی ئیتـر لەمـە باشـتر بـرا! توخـوا تـۆ خـوات لەگـەڵ وێ ئیتـر چیـت گەرەکـە؟
ئەمـە هـەر بـۆ ئێـوە ناڵێـم بـۆ خۆشـم دەڵێـم، مـن ئـەوە لـە خۆمـەوە دەسـتم پێکـردوو هیـوادارم ئێـوەش دەسـت پـێ بکـەن.
(وَالَّذِيـنَ جَاهَـدُوا فِينَـا لَنَهْدِيَنَّهُـمْ سُـبُلَنَا ۚ وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِـنِينَ) الكنكبوت ٦٩
(فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ ۖ إِنِّي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ) الذاريات ٥٠

# سەفەری پاریس

زۆر خانەوادەی کوردی خۆمان گرفتار بوون لەم ئەوروپاو نازانن چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریانا، خانەوادەیەکی بەڕێز لە پاریس زوو زوو تەلەفۆن ئەکەن ئا توخوا سەردانێکمان بکەن، دەی باشە ان شاء الله دێین، بەڵام پەلە مەکەن خۆتان ئەزانن مەشغەڵەت زۆرەو کورە لە فەرەنساش ئەوەندە دۆست و ئەحباب و خزم هەیە پیاو نازانێت لە کێوە دەست پێ بکات، دەی فایدەی نی یە، ئاخری وتی: کاکە ئیشەکە زەرورەو مەردی خواوە دوای مەخەو لە ئێمەوە دەست پێ بکە، هەردوو پێیان کردمە کڵاشێ، دەی کێشەکە چیە برا گیان؟ بەخوا نایڵێم تا نەیەن، وتم: ئاخر برا من پیاوی پیاوانەی باش ئەناسم لە فەرەنساو وڵاتەکانی دەوروبەری وەك هۆڵەنداو بەلجیکاو ئیتالیاو کورە تا ئەگاتە ئەڵمانیاو سویسرایش، زۆریش لێیان رائەبینم، تا رایان سپێرین ئەوان نزیکترن و بێن وە دەمتانەوە، نا فایدەی نەبوو وتی: هەر ئەوێ خۆت بێیت، بێرە هەر مەتارێك خۆم دێمە شوێنتا! وتم نا کاکە عینوانەکەم بدەرێ بە سەیارە دێین و ئێوەش عەزیەت نادەین، تەلەفۆنم بۆ دکتۆرێکی برادەرم کرد کە نزیکە لێمەوەو خۆم سەرپەرشتی دکتۆرا نامەکەیم کردبوو کاتی خۆی، پیاوێکی ئاقڵ و ژیرە، وتم با ئەویشم لە تەکا وێ، ئەویش وتی دەی باشە والله پێم خۆشە، برادەرێکی تر ئا لەو شێرە کوڕانەی کە هەردەم ئامادەن بۆ کاری خێرو باش، وتی دکتۆر گیان ئەگەر منیش بوەن هەر ناهێڵم سایەقی بکەن و خۆم لە خزمەتتاندام، جا ئا لەم شێرە کوڕانە کە هەردەم ئامادەن بۆ کاری خێر یەکجار زۆرن، ئەڵبەت شوکری خوای گەرەکە الحمدلله، خۆزگایە خۆزگایە برا ئەو گەنجانەش وا هەموو کاتەکانیان لە نێرگەلە خانەو قومارخانەو کورە

هەروا بۆ براو خۆیشکی خۆم بێژم وازیان بهێنایەو ئەوانیش بەخوا کاری چاکی زۆریان پێ ئەکرێ ئەگەر مەیلیان هەبێ، توخوا برا پیاو قسەیە بۆ خوا بکات لەم ئەوروپا ئەو هەموو زانکۆ خاس خاسەی هاتیاو پڕە لە موئەسەسەی گەورە گەورەی عیلمی توخوا گوناح نی یە ئەو گەنجانە ئاوا کاتی خۆیان وە فیرۆ ئەدەن و شەو رۆژ لەم شتەی وا داهاتووەو خەڵکی زۆر ئەیکاو پێی یەژن فەیسبووك کاتەکانی هەروا وە بەلاش و لایقی بێ مەعناوە بواتە سەرا؟ بەخوا خوا قبوڵی نی یە، جا ئەوە دوای بیرەکەنەوە چەنێك زەرەریان کردووە، ئەو ڤیدیۆو شتانەش وا بڵاوی ئەکەنەوە رۆژێك دێت خوا خوایان ئەبێ بسڕێتەوە بەڵام تازە هەریەکێ لای خۆیەوە بردوویەتی و بڵاوی کردووەتەوەو تازە لە دەست دەرچووە! لە باسەکە لانەدەم رۆشتینە پاریس و پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردین، هەر دانیشتین و دانەنیشتین کوڕێك هات وە جسم و هەیکەل ما شاء الله زۆر گەورەبوو، بە دەرپێ کورتەیەکەوە خێراتنێکی کردین و دانیشت! باوکی ئێمەی پێ ناساند، منیش رووم تێکردوو وتم: ئادەی کاکە برا گیان خۆت هەڵدە ناو ئەو ئاوە بزانم مەلە باش ئەزانیت؟ ئەویش سەیری ئەملاو لای کرد بزانێت لەگەڵ ئەو قسە ئەکەم، وتم: بە تۆمە خۆت فڕەدە ناو ئەو ئاوەو لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر بڕۆ بزانم مەلە باش ئەزانیت! وتی: دکتۆر تۆ چ دەڵێی بەردەممان مێزەو میوەیەو پسکیت و چایە، خۆ خەیاڵ نیت؟! وتم: دەی تۆ بۆ وا هاتوویت ئەڵێی بۆ مەسبەح هاتوویت؟ سەیرێکی خۆی کردو وتی: دەی دکتۆر گیان تۆ لە خۆتا لە ئەوروپا ئەژیت و لەم وڵاتانە زۆر بوویت خۆت ئەزانیت ئەم شتانە لێرە زۆرە، وتم باشە ئێستە من و تۆ ئەچین بۆ ناو بازاڕی پاریس و لەسەر جسرێك ئەوەستین تا موسەیتەربین بەسەر

خەڵکەکـەداو هەرکـەس هـات دەیژمێریـن بزانیـن چەنـد کـەس دەرپـێ کورتـەی لـە پێدایـەو چەنـد کـەس پانتـۆڵ و ئیتـر پۆشـتەیە! بیـری لـە شتـی وا نەکردبوویـەوە کەوتـە خەیاڵـەوە، وەك بڵێـی بیهێنێتـە بەرچـاوی خـۆی، دواتـر وتـی: واللە کەمـە دەرپـێ کورتـە، وتـم: بێگومـان بەلانـی کەمـەوە لـە سـەد کـەس یـەك دانـەی مەگـەر دەرپـێ کورتـەی لـە پێـدا بێـت، وتـی بەڵـێ: وتـم: باشـە بـۆ تـۆ وەك سـەد کەسـەکە ناکەیـت وەکـو یـەك کەسـەکە دەکەیـت؟ ماقولـە ئینسـان هـەر وە دوای نمونـەی خراپـا بگـەڕێ؟ وتـم: باشـە بـەو شـێوەیە دەتوانیـت بچیـت بـۆ زانکـۆ؟ دەتوانیـت دەوام بکەیـت؟ وتـی نـا نەخێـر ئاخـر چـۆن ئەبێـت! وتـم بـە ئینگلیـزی دەزانیـت Personality واتـە چـی؟ وتـی: بەڵـێ مامۆسـتا ئینگلیزیەکـەم زۆر باشـە، وتـم دەی باشـە کەمێـك بـۆم بـاس بکـە؟ کەمێـك باسـی کـردو وتـم: ئـەو وەسـفە لەگـەڵ ئـەو وشـە ئینگلیزیـەدا ئەگونجێـت؟ پێکەنـی و قسـەی نەکـرد، وتـم تـۆ پانتۆڵـت هەیـە لەماڵـەوە؟ ئەگـەر نیتـە ئـەو ئایپـادەم بـدەرێ تـا هـەر ئێسـتە بـە ئۆنلایـن پانتۆڵێکـی چاکـت بـۆ بکـڕم! وتـی مامۆسـتا تـۆ چ دەڵێـی پـڕی دۆلابەکەمـە لـە پانتۆڵـی مارکـە, تێیـدا هەیـە ٢٠٠ ئیـرۆم پێـداوە! وتـم: دەی بـرا ئەمـە بـۆ کەیتـە بـۆ نایکەیتـە پێـت، هـەر ئێسـتە بـڕۆ دانەیـەك لەوانـە بکـەرە پێـت، رۆشـت پانتۆڵێکـی کـردە پێـی و گەڕایـەوە، وتـم ئێسـتە Personality یەکـەت فەرقـی نەکـرد، وتـی: بەڵـی، زۆری پـێ خـۆش بـوو بـەو شـێوەیە قسـەمان کـرد، حـەزی کـرد پاداشـتم بداتـەوە، وتـی: دکتـۆر تـۆ ئـارەق دەخۆیـت یـان بیـرە تـا بۆتـی بهێنـم، نـاو سـەلاجەکە تێیدایـە! باوکـی سـور بویـەوەو دایکـی وتـی: هەیـەڕۆ کـوڕە ئـەوە تـۆ ئەزانیـت چ دەڵێـی، وتـم نـا لێـی گەڕێـن مـن هەردوکیـم دەوێـت! دایـك و باوکـی واقیـام وڕمـا، وەك بڵێـی هـەی لـەوە دەردی حیشـمەتی فیردەوسـی و فلیمـی سـتایش، بـەڵام قسـەیان

نەکـرد، ئەویـش رۆی لـە سـەلاجەکە بتڵـێ ئـارەق و قوتویـەك بیـرەی
هێنـا، خەریـك بـوو بـڕوات بـۆ مەتبـەخ مـەزەی بـۆ حـازر بـکات، وتـم: نـا
وەرە جـارێ قسـەمان هەیـە، وتـی: چـی؟ وتـم بـا سـەیری پێکهاتەکانـی
ئـەم دوو مەشـروبە بکەیـن بزانیـن تـا چەنـد سـود یـان زیانیـان هەیـە،
خـۆ تـۆ خوێنەواریـت و منیـش خوێنـەوارم و بـە هەردوکمانـەوە لێکـی
ئەدەینـەوە، ئایپـادت و ئایفۆنیشـمان هەیـەو هەرچیمـان لـێ عاسـی بـوو
ئەیـدەن لـە گـۆگڵ و مـۆگڵ و سـەیری وێـب سایتی سـەرەکەی وەزارەتـی
تەندروسـتیش ئەکەیـن، خـۆ بـرا شـەهادەو مەهـادەو خوێنـەواری هـەر
بـۆ دامەزرانـدن نـی یـە، نـاوێ ئـەوەی ئەیخۆیـن لێـی بکۆڵینـەوە؟! کـورە
خـۆ زۆر کـەس ئێسـتا هەتـا کـۆکا کـۆلاو شـەربەتی سـەناعەش ناخـوات
هـەر لـە بـەر تەندروسـتی نـەك لەبـەر خـواش! وتـی: واللە دکتـۆر خـۆ ئـەو
ئەزیەتـەی ناوێـت خراپـە بـەڵام خۆشـەو جەوێـك وەرەگریت! دایکـی وتی:
جـەو وەرەگریـت! یـان جـەوی ئێمـە تێـك ئەدەیـت! باوکـی وتـی: مەگـەر
سـاڵێك زانکـۆ نەکەوتیـت و ئێسـتە لـە ئیشـیش وەرتناگـرن لەبـەر ئـەوەی
دووجـار رۆشـتیتە زینـدان بەهـۆی سەرخۆشـی و شـەڕەوە! وتـم: ئێسـتە
هەندێکـی تـر باسـی Personality م بـۆ بکـە لەگـەڵ ئەمـەدا ئەگونجێـت؟
وتـی: مامۆسـتا کـەس وەکـو تـۆ ئـاوا قسـەی لەگـەڵ نەکـردووم! باوکـم
تـوڕە دەبێـت لێـم، دایـك جوێنـم پـێ دەدات، هاوڕێکانیشـم هەموویـان
دەڵێـن بـا بخۆینـەوە! وتـم باشـە چەقۆیەکـم بـۆ بهێنـن؟ وتیـان بۆچـی؟
وتـم تـۆ بیهێنـن، چەقۆیەکیـان هێنـاو دام بـە دەسـتیەوە وتـم: ئـادەی
پەنجەیەکـی خـۆت لێکـەرەوە بـەو چەقـۆ؟ وتـی: مامۆسـتا بـە راسـتە؟
وتـم: بەڵـێ بـە توندی بیـدە لـە دەسـتی خـۆت محاوەلـە بکـە پەنجەیەکـی
خـۆت بپەڕێنـە! وتـی: نـا واللە هەرگیـز ئیشـی وا ناکـەم! وتـم باشـە بـۆ
نایکەیـت؟ وتـی: ئـێ مەعلومـە خراپـەو نایکـەم، وتـم ئـەی بۆ مەشـروبەکە

دەخۆیتـەوە مەگـەر خـراپ نـی یـە! ئـەوە نـی یـە توشـی چەندێـك كێشـە بوویـت بەهۆیـەوە، خـۆ ئەگـەر پەنجەیەكیشـت نەبێـت مەلەفـت پیـس نابێـت و ئیشیشـت هـەر پـێ دەدەن، بـۆ بـۆ ئەمـە بـە قسـەی مـن ناكەیـت و خـۆت دەگریـت، بۆچـی بـۆ مەشـروبەكە بـە قسـەی هاوڕێكانـت ئەكەیـت! وتـی: مامۆسـتا وەعـد بێـت چیتـر بمـرم دەمـی پێـوە نـەدەم، دایكـی لـە خۆشـیدا دەسـتی بـە گریـان كـرد، باوكیشـی هەسـتاو باوەشـی پێداكـرد، كاتـی نـان خـواردن هـات و زۆر بەخۆشـی و دەمەتەقـەو كەیفـەوە نانمـان خـوارد، چەنـد جۆرێـك شـەربەتیان هێنـا، وتـم شـیعرێكت بـۆ بڵێـم: وتـی بەڵـێ: وتـم قانـع دەڵـێ: تـا شـەربەتی هەرمـێ لـەت و دۆشـاوی شـۆكەم بـۆ دەسـت بـدات، ئـارەق و تریاكـی هـەروەك ژەهرەمـارم بـۆ چـی یـە!

نـان و چـای خـوراو رومكـردە پیـاوی ماڵەكـەو وتـم: بـرا گیـان ئـەوە ئیتـر مـن لەوێـوە تـا ئیـرە هاتـووم هەرچیـت هەیـە بڵـێ بـا قسـەی لەسـەر بكەیـن، هەسـتاو باوەشـی پێداكـردم، وتـی كـورە نەمدەزانـی چـۆن باسـی كوڕەكـەی خۆمـت بـۆ بكـەم كـە چـۆن گیرمـان خـواردووە بـە دەسـتیەوە، هـەر پێـش ئـەوەی تـۆ بێیـت وتمـان خـۆت رێـك و پێـك بكـە دكتـۆر دێـت بـۆ ماڵمـان و بـا لـە بـەردەم ئـەودا حەیامـان نەچـێ و شەپاڵەیەكیشـم لێـدا فایـدەی نەبـوو، راسـتی بـۆ ئـەوەم بـوو لەگـەڵ كوڕەكەمـدا چەنـد قسـەیەك بكەیـت، مـن مەمنـون بـووم بـەوەی هـەر مەشـروب نەهێنێتـە مـاڵ و تۆزێـك پیـاو بێـت بـەڵام ئەوەتـا الحمدلله بـوو بـە پیـاوی تـەواو. گرنگـە خانـەوادەكان بـە لۆژیكـی لەگـەڵ ژن و منـداڵ و خانەوادەكانـدا بجوڵێنـەوە، خـۆ ئەگـەر خوانەخواسـتە تاوانێـك، هـەر خراپەیـەك روویـدا هـەر بـە دیـن دەتوانـن چارەسـەری بكـەن، ئەگـەر بێـت و كێشـەكە بـۆلای دیـن بگەڕێنرێتـەوە، بێگومـان لـە دینیشـدا قوەتـی بەهێـزی چارەسـەری پێیـە، كابـرا یەكەمجـار پەنـا بـۆ جگـەرە دەبـات، دواتـر دەیـكات بـە

نێرگەلە، چـوون نێرگەلـە بـرا گـەورەی جگەرەیـەو دوكەڵـی زیاتـرە، كابـرا لـە پێشـدا مەشـروب دەخواتـەوە، دواتـر دەیكاتە مـادەی بێهۆشـكەرو دراگ چـوون ئـەوان بەهێزتـر مـرۆڤ سـڕ دەكـەن و بـرا گـەورەن و بەهێزتـرن!، كەسـێكم لـێ قیـت نەبێتـەوە بڵـێ ئەمانـە وا نـی یـە، راسـتە هەیـە خـۆی زیاتـر كۆنتـرۆڵ دەكات و كەمتـر دەكەوێتـە كێشـەوە، بـەڵام ئـەوە حاڵـی زۆر لـە گەنجانـی ئەمڕۆیـە نـەك هـەر لـە ئەوروپـا بەڵكـو لـە كوردسـتانیش.

خـوا گیـان لـە قورئانـە مەزنەكـەی خۆیـدا دەفەرموێـت: (يَٰٓأَيُّهَـا ٱلَّذِيـنَ ءَامَنُـوٓاْ أَطِيعُـواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُـواْ ٱلرَّسُـولَ وَأُوْلِـي ٱلۡأَمۡـرِ مِنكُـمۡ فَـإِن تَنَٰزَعۡتُـمۡ فِـي شَـيۡءٖ فَـرُدُّوهُ إِلَـى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُـولِ) النسـاء ٥٩

واتـە: ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە، فەرمانبـەردارو گوێڕایەڵـی خـواو پێغەمبـەرو فەرمانـڕەواكان بكـەن كـە لـە خـودی خۆتانـن (لـە بیروبـاوەڕو پابەندیـدا)، خـۆ ئەگـەر لـە شـتێكدا بـوو بەكێشـەتان دەربـارەی حوكمـی خوایـی، ئـەوە ئـەو كێشـەیە بگێڕنـەوە بـۆ لای خـواو پێغەمبەرەكـەی (صلـى الله عليـه وسـلم) (كـە قورئـان و سـوننەت دەگەیەنێـت.

ئێسـتە كوڕەكـە زانكـۆی تـەواو كـردووەو زۆر چـالاك و بـە توانایـە، بـە فەرەنسـی خەڵكیـش بانـگ دەكات بـۆ ئیسـلام و زۆرجـار دەعوەتـم ئـەكات بـۆ چالاكیەكانـی بـەڵام تـا ئێسـتە دەرفەتـم نەبـووە بچـم.

## سەفەری ئەوروپاو خۆشەویستەکانم لە سوید و کێشە لەگەڵ ئەڵمانیەك

ساڵی ٢٠٠٩ بوو، مامۆستا جەمالی مامم لە هۆڵەنداوە تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: ئامۆزا وەرە بۆ ئێرە بە سەیارەو با جەولەیەکی خۆشی لێ بکەین و دواتر بچین بۆ سوید، منیش جەمالم فرە خۆشگەرەکەو بەزممان زۆرە پێکەوە، قسەکەیم پێ نەشکیاو رۆیشتم، جا شاعیرێکی حەق بێژیشە پیاو بۆ خوا بێژێتی، دیفاع ئەکات لە مەزڵوم، فرە نەچمە قولا بۆی، وە پەلە تکتی باخیرەم برِی، بەریتانیا بۆ فەرەنساو خۆم گەیاند پێی، دوای بەشارەت و گاڵەو گۆڵمەزو خۆشی هۆڵەنداو ناسینی چەن ماڵێکی وە حورمەت، رۆشتین بۆ سوید، لە سوید ئەوەندە قەوم و قیلەو دۆست و ئەحبابمان هەیە ئەتوانم بێژمی وڵاتەکە غەدرمان لێ ئەکات ئەگینا حەقی حوکمی زاتیمان هەیە، رۆشتینە ماڵی کاك صاڵح چاوشین ی خاڵۆزام کە خێزانەکەشی ئامۆزامەو لە هەموو لایەکەوە خەست بووەتەوە، فرە عەزیزن لام، زۆر خۆشیمان کرد، چوون ماوەیەکی زۆریش بوو یەکمان نەدیبوو، جا سوید پیاوی خاس خاس و خاوەن دیوەخانی وەك مامۆستا مەجید و رۆشنبیری وەکو مامۆستا حسێن و حەمە گۆپاڵەی تیایە، ئیتر ئەوەنە زۆرن مەگەر لە کتێبێکا باسیان بکەم، دوای ئەوەی کەیف و سەفای خۆشمان کردو سیلەی رەحممان تازە کردەوە، جەمال لەوێ ماوەو ئێمە گەرِاینەوە، لەو سەرەوە هەر لە دانیمارکەوە داخلی ئەڵمانیا بووم وتم: بەخوا فرسەتە با سەرێك بدەم لە سەرکەوتی مامەم، سەرکەوتیش هونەرمەندێکی شێوەکاری بەناوبانگە لە ئەڵمانیا، لەو شێوەکارانە نی یە وا شتی خەلاعی و سێکسی ئەکەن وەناوی هونەرەوە، جا ئێستە رۆشنبیرەکان دەڵێن بەینەل قەوسەن، منیش لە بەینەل قەوسەینێکا

بـا ئـەوە بێـژم، وە شـێوەکارێکم وت ئـەرە بـرا ئـەم ڕەسـمە روتانـە چـی یـە دروسـتت کـردووە؟ وتـی دکتـۆر گیـان ئـەوە ئیختیساسـی تـۆ نـی یـەو تـۆ لێـی تێناگەیـت! وتـم باوکـی باوکـەم جـا توخـوا ئـەوە تێگەیشـتنی بـۆ چـی یـە وە عالەمـی ئاشـکرا گـەڵ و قنیـان ڕووتـەو حیچیـان نیـە لەبـەرا، ئـەی بـرا نەئەکرا شـتێك بکەیتـە بەریـان، ماقـول نـی یـە هەمـوو جلەکانیـت وەکـو مەعاشـەکەی حکومـەت پاشـەکەوت کـردووە!، جـا مـن دکتـۆرم لێـی تێنەگەیـەم ئیتـر توخـوا ئـەو خەڵکـە عەوامـە چـۆن لێـی تـێ بگەیـەت و ئـەی ئیتـر ئێـوە بـۆ کـێ ئـەم ڕەسـمانە ئەکێشـن، جـا سـەرکەوت پیاوێکـی نتـم و وە قاویلـەت، نەیـەژن ئامـۆزای خۆیەتـی بۆیـە وا یەژێـت بیخـە بانـی زام خۆشـی ئەکاتـۆ، هەتـا ئـەو حکومەتـی ئەڵمانیاشـە ئیعترافـی پـێ کـردووە، بـا نەیـەژن فـرە درێـژ دادڕە بێمـە سـەر کێشـەکە، گەشـتمە شـارەکەی سـەرکەوت و هـەروا وە تەلەفـۆن قسـەم تـەکا ئەکـردو شـوێنەکەم دۆزیـەوە، جێگـەی بەلاشـم دەسـت نەکـەوت بـۆ سـەیارەو وردەی ئیـرۆم پـێ نـەو بـۆ حەقـی پارکیـن، وە خێزانـم وت تـۆ دانیشـە لێـرەو مـن دەگەڕێمـەوە، گەشـتمە لای سـەرکەوت و ئیتـر ماوەیەکـە نەمدیـوە باوەشـم پیاکـرد ئـەی خـوا بمـکا وە قوروانـت خـۆ زیـڕەم کـرد بـۆت، بەخـوا چـاك هەریەکەمـان کەوتوینەتـە یاڵـێ، کـورە هـەر پیـاو شـوکر وێـت باشـە الحمـدلله هەرچـۆن بێـت ئەتوانیـن یـەك ببینیـن، ئەویـش لـە دوکانـا بـوو هـەروا مـن هێشـتا دڵـم ئـاوی نەخـواردووە تەکیـاو مشـتەری ئەهـات، ئیتـر هـەر ئەوەنـەم زانـی کاتەکـە زۆر درەنـگ بـووە، ئـەی خـوا گیـان خـۆ مـن دەبێـت بگەڕێمـەوە بـۆلای سـەیارەکەم، کاکـە سـەرتان نەیەشـێنم گەڕامـەوە، سـەیرەکەم کابرایەکـی ئەڵمانـی چ ئەڵمانیـەك، مـا شـاء الله لـە گەورەیـی خـواو لـە درێـژی ئـەو کاورا، جـا ئـەوان وەکـو ئێمـە بچـوك و گیزەڵـە نیـن، مـن ملـم بەرزەکـردەوە تـا ببینـم، سـەیرەکەم هـەر

زۆر تورەیەو لای سەیارەکەی مندایە، هەولێری دەرێ قیت راوەستایە، هەر ئەوەندە گەشتم پێی وەك تۆپ تەقی پیاما، تومەز مەکە خێزانم دەرگای سەیارەکەی کردووەتەوەو بەحاڵ دەرگا بەر دەرگاکەی ئەو کەوتبوو، بە قەدەر نوکی دەرزیەك بۆیاخی سەیارەکەی من لێ بوو بوویەوەو درابوو بە سەیارەکەی ئەوەوە، ئیتر ئەویش لەگەڵ خێزانما ئینگلیزی و ئەڵمانی حاڵی نەبوو بوون لەیەك و ناچار وەستابوو تا من بگەڕێمەوە، منیش حەپە ناکەم لە ئەڵمانی و هیچ نازانم، خۆ ناوێ حەر لە خۆتەوە چتێ نەزانی و بێژی ئەزانم، بەڵام مستەربین ئاسا تێمگەیان بە زمانی جەستە، بۆدی لانگویج، وتم برا خاسەکەم جا ئەوە چی یە، توخوا ئەوە کەی ئەوەی دەهێنا تۆ لەو کاتەوە چاوەڕوان بکەیت، هاوینێکی گەرمیش بوو، پیاو ئەوێ لێبوردنی هەبێت، نەخێر فایدەی نەو، زیاتر تورە ئەبوو! وتم مای فرێند ئا تۆ یەك دەقەم بدەرێ، بە ئیشارەتەکانم دڵی خۆش بوو ملێکی لەقاند، منیش بەحاڵ پەنجەم بە زمانم تەڕکرد هێنام بە بۆیاخەکەدا تۆزێك بە قایمی و هیچی پێوە نەما! بە دەست ئیشارەتم بۆ جێگەکەی کرد، وتم ئەها برا بزان هیچ فەرقی پێ ئەکەیت؟ ئەویش چاوی زۆر ورد کردەوە لەسەری و بینی فعلەن نەماوە، ئیتر بە دڵخۆشیەوە دەستی نوقاندو پەنجە بەرانەکەی بەرزکردەوە، هەروەك شێوەی لایکی ئەم فەیسبوکە، ئیتر کابرا رۆشت و خوا حافیز، بیرم کردەوە خوایە گیان ئەمانە چ جۆرە زەلامێکن، بۆ شتێکی زۆر سادە ئەوەندە کاتی خۆیان ئەکوژن و خۆیان ئازار ئەدەن، جا براو خۆیشك و دایکەکانم، بەخوا لەناو خۆیشمانا زۆر کەس هەیە شتی زۆر لەوە بچوکتر گەورە ئەکات، چوومەتە بەینی کەسی واوە بۆ یەك قسەی ئاسایی کە کابراش مەبەستی نەبووە، کەچی سەیرەکەیت دە ساڵە لەبیری نەچووە، ئیتر هەروا شتی ئاسایی و بێ مانا، وتم

بـرا عەزیزەکـەم ئاخـر کـەی خـوا بـەرداری هەیـە تـۆ ئەوەنـدە خـۆت ئـازار داوە بـەم شـتە بچوکـەوە، خـوا ماڵـت ئـاوا کات، خـۆ ئێمـە ئەوروپـی نیـن ئەوەنـدەش حسـاب ورد بکەینـەوە، خاڵـۆ سـوێنتان لەسـەرم نـی یـە کەوتوومەتـە بەینـی کەسـی واوە لەسـەر شـتی زۆر بەسـیت قورئانـم کردووەتـە ڕجـاکار بـەس واز بهێنێـت کەچـی وازی نەهێنـاوە، مەوزوعیـش بەخـوا هـەر شـایەنی ئـەوەش نـی یـە بینوسـم، کەچـی هـەر دەیگـوت نـا بڕبەنـی لـێ بدەیـت کەمـی نـی یـە، تـا مـن قسـەیەکم ئەکـرد ئـەو دوانـی ئەکـردو ئێسـتاو ئێسـتاش فایـدەی نەبـوو، ئینجـا یـەك تـۆز تەفرنجـەی ئـەم ئایەتـە بـدەن چـۆن وەك ئـاو وایـەو بیکەیـت بـە سـەری ئاگـردا، خـوا گیـان ئەفەرمـوێ (وَلْيَعْفُـوا وَلْيَصْفَحُـوا ۗ أَلَا تُحِبُّـونَ أَن يَغْفِـرَ اللَّهُ لَكُمْ) النـور ٢٢ دەی بـراو خۆیشـکەکانم لێبووردەبـن، چاوپۆشـی بکـەن، مەگـەر حـەز ناکـەن خـوا لێتـان خـۆش ببێـت، ئـەی ئیتـر تـۆ بـۆ لەکـەس خـۆش ناویـت.
یـەك پەڵـەی پیـس بـدات لـە جلەکەمـان دای دەکەنیـن و دەیخەینـە غەسالەکەو ئەڵێیـن نـا تـازە پیـس بـووە بـا جـوان پـاك بێتـەوە، ئـەی ئـەو هەمـوو پەڵـە لـە دڵتانـا کـە موهیمتریـن جێگەیـە بـۆ پاکـی ناکەنـەوە، بـۆ نایشـۆرن خـوا عەفوتـان بـکات، کـورە بەخـوا ئێمـە مەگـەر خـوا بـۆ خـۆی عەفومـان بـکات دڵمـان رەش بووەتـەوە بـە حقـدو قیـن و حەسـودی و دووبەرەکـی بەرانبـەری یەکتـری و خۆیشـمان وە مسـوڵمانی دەرەجـە یـەك ئەزانیـن، بـرا عەزیزەکانـم بەخـوا قەسـەم لـەم دینـە چاکترمـان دەسـت ناکەوێـت، بـەڵام ئێمـە خۆمـان سـودی لـێ وەرناگریـن، پیاوێکـی پیـرم بینـی ئایفۆنێکـی ئاخـر مۆدیلـی پـێ بـوو لـە کوردسـتان، بـە مەرجێـك ئەنتەرنێتیشـی نەبـوو، وتـم خاڵـۆ گیـان تـۆ ئـەم ئایفۆنـەت بـۆ چـی یـە؟ هـەزار دۆلارت پێـداوە، وتـی واللە یـەژن ئەمـە لـە گشـتی چاکترێکـە، وتـم ئـەی راسـتە واللە خاڵـۆ گیـان بـەڵام تـۆ ئیسـفادە ناکەیـت لـە چاکیەکـەی،

وتـی تـۆ چـی یـەژی کـورە، وتـم چاکیەکـەی کۆمەڵێـك بەرنامەیـە ئاسـانکاریت بـۆ ئـەکات، تـۆ ئەگـەر بـەکاری نەهێنـی بەخـوا هـەر وە بـەلاش ئـەم ئایفۆنـە گـەورەت هاپـێ و لـە باخەڵیشـا جێگـەی نابێتـەوە، وتـی بـۆم شـەرح بکـە بزانـم چـی یـە، وتـم بـۆ نمونـە ڤایبـەر بەرنامەیەکـە لـە رێگەیـەوە بـە بـەلاش ئەتوانـی تەکـی خزمەکانتـا قسـە بکەیـت و پـارەت زۆر بـۆ ئەگەڕێنێتـەوە، دوای ئـەوە ئەگـەر خوێنەواریشـت نەبێـت شـتێکی هەیـە هـەر قسـە بکـە ئـەو خـۆی نەتیجەکەیـت پـێ یـەژێ، رێگەوبانـت لـێ وێـڵ بوێـت بۆتـە دۆزێتـەوە، وتـی بەخـوا بـرا مـن ئەمـەو ئـەوە نازانـم هـەر ئەمـەم سـەندووە لەبـەر خەڵکـی، جـا بـراو خۆیشـکە عەزیزەکانـم ئێمـەش ئیسـلامەکەمان وەك ئـەو ئایفۆنـی مامـە پیـرە وەرگرتـووە، نارۆینـە ناویـەوە! بزانیـن مەوزوعەکـە چـی یـەو چـی نـی یـە، هـەر لـە بـەر قسـەی خەڵکـی یەژیـن مسـوڵمانین و تـەواو، ئـەی خوایـە گیـان مـن تەوبـە ئەگـەر تـا ئێسـتە تەقسـیریەکم کردبێـت، ئێـوەش نـاوی خـوای لـێ بێـرن و لـە کەلـی شـەیتان بێنـە خـوارو سـود لـە ئیسـلامەکە وەرگـرن، هـەر ئـەو قورئانـەی وا ئێمـە ئـاوا زۆر وە سـادەیی تەماشـای ئەکەیـن، بەرنامـەی وای تیایـە نـەك لـە کوردسـتانەوە بـۆ ئەوروپـا بەڵکـو ئەتوانـی لـە کوردسـتانەوە بـۆ سـەروی حـەو تەبەقـی ئاسـمان قسـەی پـێ بکەیـت، نـە شەحنیشـی گەرەکـە بێـژی کارەبـا نـی یـە! نـە ئەنتەرنێتیشـی ئەوێـت ئەگـەر بڵێـی خەتەکەمـان زەعیفـە یـان فریـە، ئیتـر مـن راسـی و پاکیـم پـێ وتـن و ئێـوەش خۆتـان و خـوای خۆتـان، دوای نـەدەن لـە ژێـری و بێـژن پێـی نەوتوویـن، مـن هـەم بەڵگـەی نوسـراو و هەمیـش شـاهیدم هەیـە.
بەخـوا هەرکـەس وە قەوڵیـم نـەکا لـەو دونیـا بانگیـان کـردم بـۆ شـایەتی مەجبـور نیـەم درۆی بـۆ بکـەم، دوای گلەیـم لـێ مەکـەن.

## سەفەری پۆڵەنداو ئافرەتێکی سعودی

ڕێگەم کەوتە پایتەختی پۆڵەندا بۆ کارێکی ئەکادیمی لە زانکۆی وارساو، کاکە ئەوە چەند ڕۆژێکە هەروا خەریکم و دێم و ئەچم، خوا نەکات هیچ مەنزەرێکی ئیسلامی و شەرقی نابینم، هەستێکی غەریبی زۆرم بۆ دروست بووە، لە پڕ لە بازاڕدا لوتم تەقی بە ئافرەتێکی سعودیدا بە حیجابێکی ڕێك و پێك، کورد دەڵێ: پۆشتەو پەرداخ، منیش یەکسەر وێنەی دایکم هاتە پێش چاوم و ئەحساسێکی زۆر سەیرم بۆ دروست بوو، خەریك بوو پەلاماری بدەم و باوەشی پێدا بکەم و دەستی ماچ بکەم، خوا ڕەحمی کرد خۆم گرت، ئەگینا تا قەواڵەی خۆم بخوێندایەتەوە هەزار شەقیان تێ هەڵدەدام، ناحەقیشیان نەدەبوو چوون ئەوان چوزانن چی لە دڵی مندایە.

جا هەروا بۆ خوێنەرانی بەڕێزی باس بکەم، پیاوێکی خۆمان کە ساحێب ماڵ و منداڵ بوو بوو گەشتە بەریتانیا بە قاچاخ، زۆر حاڵی پەرێشان بوو بۆ منداڵەکانی و هەر منداڵێکی دەبینی سۆزی باوکایەتی دەجوڵاو دەستی دەکرد بە گریان، ڕۆژێك دوو منداڵی بینی پڕی دایەو ماچی دانەیەکیانی کرد بە تامی منداڵەکەی خۆی، کاکە خوا بکەم نەیبینن، خەڵکی لێ ئاڵزگا، پۆلیس هات هەرباش بوو کۆپتەریشیان بۆ هەڵنەساند، وەزعەکەیان زۆر خراپ لێکدایەوە، پیاو عەیبی لێ دێت وەك خۆی بینوسێت، خوا بۆ خۆی ڕەحمی کرد زیندانیان نەکردوو هەرچۆن بێت دوای کێشمەنکێشێکی زۆر ڕزگاری بوو، بە پەلە وتمان کاکە بگەڕێرەوە تا توشی کۆڵمەزێکی تر نەبوویت.

لە دینی ئیسلامیشدا نیەت لەگەڵ کردەوەدا دەبێت هاوتابن، ئەگەر نیەتت چاك بێت و کردەوەکەت خراپ بێت ئەوە وەرگیراو نی یە، دوور نی یە ٤ شەقی گەرمی دونیایش نەخۆیت لەسەری، ئەگەر

کردەوەکەشـت چـاك بێـت و نیەتـت بـۆ خـوا نەبێـت هیـچ سـفتاحی قیامەتـی لـێ ناکەیـت.
جـا ئامـان ئاگاتـان هـەم لـە نیـەت و هەمیـش لـە کردەوەکانتـان بێـت، نوقتـە سـەری دێـر.
(وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ مَتَابًا) الفرقان ٧١
واتـە: هـەر کـەس تەوبـەی کـردو کـردەوەی چاکـی کـرد ئـەوە بەڕاسـتی ئـەو کەسـە دەگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوا بـە گەڕانەوەیەکـی تـەواو.

## دوێنـی بـە سـەیارە سـنوری پێنـج وڵاتـم بـڕی، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، فەرەنسا، بەریتانیا

گرنگتـر لـە سـنورە دەسـتکردەکان، سـنوری نێـوان دڵەکانـە، گـەر دڵـەکان لێـك نزیـك بکرێتـەوە سـەدان سـنور ناتوانـن ڕێگـری لـێ بکـەن، هەرگیـز لەیـادم ناچێـت بـە قاچـاخ سـنوری نیـوان ئێـران و عێراقمـان دەبـڕی بـۆ سـەردانی خزمـان، گـەر دڵـەکان لێـك دورکەوتنـەوە نەمانـی فیـزەو ئاسـانکاری سـنور چ سـودێکی هەیـە!
سنوری دڵەکان لە سنوری وڵاتەکان گرنگترە.

گرنگتر لە سنورە دەستکردەکان، سنوری نێوان دڵەکانە، گەر دڵەکان لێک نزیک بکرێتەوە سەدان سنور ناتوانن ڕێگری لێ بکەن

دونیاش هەروا سەفەرێکەو تێ ئەپەڕێت وەک ئەو سەفەرە، خۆشبەحاڵی ئەوەی کەس زویرناکات لە خۆی و قیامەتیش دەباتەوە.




د.عومەر عەلی
٢٠١٩

ISBN 978-168454167-6
9 781684 541676